Department of Health

# زانیاری زیاتر دەربارەی FGM

ئەتککردنی کۆئەندامی زاووزێی مێینە (FGM) کردارێکە کە لەوێدا ئەندامەکانی زاووزێی مێینە زامدار دەکرێن یان گۆڕانکارییان تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام هیچ هۆکارێکی پزیشکی لەپشت ئەنجامدانی ئەو کارەوە نیە. ئەوە بۆی هەیە زیانی سەخت بە تەندروستی ژنان و کچان بگەیەنێت لە ماوەی درێژخایەندا. هەندێك کچ وەك ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو کردارە بەهۆی لەدەستدانی خوێن یان هەوکردنەوە دەمرن. ئەو ژنانەی کە FGM یان بۆ ئەنجام دراوە هەروەها ئەگەری ئەوەیان هەیە کە لەکاتی منداڵبووندا تووشی گرفت ببن.

FGM بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەو کچانە ئەنجام دەدرێت کە تەمەنیان لەنێوان 5 وە 10 ساڵدایە. ئەوە پێیشی دەووترێت خەتەنەکردنی مێینە، برین یان زاراوەی تر وەك سونەت، گودنین، حەڵاڵکردن، تەهور، مێگریز و خەتان کە هەندێکن لەو زاراوانە.

## جۆرەکانی FGM:

جۆری 1 - بڕینی هەندێکی قیتکە یان هەمووی

جۆری 2 - بڕینی هەندێکی یان هەموو قیتکە و لچی بچووکی زێ (labia) (ئەو "لچانەی" کە دەوری زێیان داوە).

جۆری 3 - بڕینی هەندێك یان هەموو کۆئەندامی زاووزێی مێینە، بە قیتکەشەوە. دروینەوەی سوچەکانی پێکەوە بۆ هێشتنەوەی کونێکی بچووك.

جۆری 4 - هەموو جۆرەکانی تری زیانپێگەیاندن، لەوانە بڕین، سوتاندن، ڕوشاندن، کونکردن و کشاندنی کۆئەندامی زاووزێی مینە.

## بۆچی FGM ڕوودەدات؟

بە شێوەیەکی ئاسایی دایکوباوکی کچەکە یان خزم و کەسوکاری کچەکەیە کە ڕێوشوێن بۆ ئەو ساز دەکەن کە FGM ـی بۆ ئەنجام بدرێت. هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەوە ئەمانە دەگرنەوە:

- دابونەریت
- ئاین
- پاراستنی ڕوسم و نەریت
- پاراستنی پاکیزەیی
- پاکوخاوێنی
- پاراستنی شەرەفی خێزان
- پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە شوکردنەوە

ئەو هۆکارانە بۆ ئەنجامدانی FGM لەسەر بنچینەی خراپ تێگەیشتن یان نەبوونی هۆشیاری دانراون.

هەندێك كەس لەو باوەڕەدان كە FGM ئەركی سەرشانە وەك بەشێك لە ئاین، بۆ نموونە جۆری 1 FGM هەندێك جار بە هەڵە پێی دەوترێت سوننەت. بەڵام هیچ تێكستێكی *ئاینی* نیە كە پشتگیری *ئەنجامدانی FGM* بكات یان بڵێت دەبێت ئەنجام بدرێت

## FGM كارێكی نایاساییە

FGM كارێكی نایاساییە و نابێت هیچ كاتێك ئەنجام بدرێت ئیتر لێرە بێت یان لەدەرەوەی وڵات. هەروەها كارێكی نایاساییە كە بە هەر شێوەیەك بێت یارمەتی كەسێك بدەیت بۆ ئەنجامدانی FGM. هەر كەس بەوە تاوانبار ببێت ڕووبەڕووی 14 ساڵ بەندكردن دەبێتەوە لە بەندیخانە، ڕەنگە غەرامە بكرێت (ناچار بكرێت كە سزایەكی دارایی بدات).

## FGM زیانی جدیی بە تەندروستیت دەگەیەنێت

FGM زیانی جدیی بە كچان و ژنان دەگەیەنێت، لەوانە:

- ئازاری بەردەوام
- هەوكردنی دووبارە كە بۆی هەیە ببێتە هۆی نەزۆكی
- خوێنبەربوون، كیسی ئاو و دومەڵ
- كێشەی میزكردن و خۆكۆنترۆڵنەكردن
- خەمۆكی، گەڕانەوەی ڕوداو بۆ بەرچاوی و خۆئازاردان
- كێشەی كاتی مناڵبوون كە بۆی هەیە ببێتە هۆی مردن

## ئایا تۆ دەتوانیت چ یارمەتییەكت دەستگیر ببێت؟

ئەگەر FGM ـت بۆ ئەنجام دراوە دەتوانیت یارمەتی و پشتگیری پزیشكیت دەستگیر ببێت لە جی پی GP خۆت یان هەر كەسێكی كارامەی سەرپەرشتی تەندروستی ئەگەر دووگیان بیت دەتوانیت یارمەتی لە مامانەكەت وەربگریت.

هەروەها دەتوانیت وردەكارییەكانی كلینیكی تایبەتمەندی FGM و خزمەتگوزاری تایبەت بەو بوارە لەسەر ئەم ماڵپەڕە وەربگریت www.nhs.uk/fgm.

**ئەگەر نیگەرانیت سەبارەت بە هەر كچێك كە ڕەنگە مەترسی FGM ی لەسەر بێت بەو كەسە كارامەیەی تەندروستی بڵێ كە چارەسەرت دەكات یاخود تەلەفون بكە بۆ هێڵی یارمەتی NSPCC بە ژمارە 3550 028 0800 شەو و ڕۆژ 24 كاتژمێر.**

**ئەگەر خەمی ئەوەتە كە ڕەنگە لەلایەن خێزان یان كۆمەڵگەكەتەوە فشاری ئەوەت خرابێتە سەر كە FGM بۆ كچەكەت ئەنجام بدەیت، داوای یارمەتی لە جی پی GP ، سەردانكاری تەندروستی یان هەر كەسێكی كارامەی سەرپەرشتی تەندروستی بكە.**

## پاسپۆرتی تەندروستی

دەتوانیت داوای کۆپی 'ڕاپۆرتێك بۆ بەگژاچوونەوەی ئەتککردنی کۆئەندامی زاووزێی مێینە' بکەیت. *ئەوە ڕاپۆرتێکی چاپکراوە بە قەبارەی گیرفان، بە 11 زمان بەردەستە و دەتوانیت کاتێك کە گەشتی دەرەوەی وڵاتت کرد لەگەڵ خۆت بیبەیت. دەتوانیت نیشانی خێزانەکەتی بدەیت. ئەوە بە ئاشکرا دەڵێت کە FGM سەرپێچییەکی یاسایی جددییە لە بەریتانیا.*

## کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری لەو نەخۆشانەوە کە FGM یان بۆ ئەنجام دراوە.

زانیاری دەربارەی FGM لەلایەن بنکەی زانیاری تەندروستی و سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی (HSCIC) ـەوە کۆدەکرێتەوە. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بەوەی کە ئێمە چ زانیارییەك کۆدەکەینەوە، وە بۆچی، وە ئێمە ئەو زانیاریانە چۆن بەکار دەهێنین یاخود بۆ بەرگرتن لە بەکارهێنانی زانیارییەکانت بەو شێوازە تکایە بچۆرە سەر www.hscic.gov.uk/patientconf بۆ زانیاری زیاتر.

**ئەگەر ئارەزووی زانیاری زیاتر دەکەیت سەبارەت بە FGM تکایە بچۆرە سەر**
**www.nhs.uk/fgm**

© Crown copyright 2015
2903740 04/2015
ئامادەکردنی ولیەم لی (Williams Lea) بۆ بەشی تەندروستی
www.dh.gov.uk/publications